# تجليات النوستالجيا الذاتية في شعر هێمن موكرياني


ڕەوەند حمه جزا قاضي
rawand.jaza@uoh.edu.iq
قسم اللغة الكردية، كلية تربية شارزور، جامعة حلبجة، حلبجة، إقليم كردستان، العراق.

درسيم سعيد شريف
darsim.saeed@koyauniversity.org
قسم الحاسوب، كلية العلوم والصحة، جامعة كوية، كوية، إقليم كردستان، العراق.

يادكار صلاح إبراهيم
yadgarsalah870@gmail.com
المديرية العامة لتربية حلبجة، حلبجة، إقليم كردستان، العراق.



**الكلمات المفتاحية**: النوستالجيا الذاتية، هێمن موكرياني، العودة إلى الطفولة، الوطن والموطن، الحسرة والماضي.


## كيفية اقتباس البحث

قاضي , ڕەوەند حمه جزا , درسيم سعيد شريف, يادكار صلاح إبراهيم , تجليات النوستالجيا الذاتية في شعر هێمن موكرياني ,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٦ .


**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**



Registered مسجلة في **ROAD**

Indexed مفهرسة في **IASJ**

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

# The Dimensions of Self-Nostalgia and Its Manifestations in the Poetry of (Hemin Mukriyani)

**Rawand Hama Jaza Qadhi**
**Department of Kurdish Language, Sharazoor College of Education, Halabja University, Halabja, Kurdistan Region, Iraq**
**rawand.jaza@uoh.edu.iq**
**DARSIM SAEED SHARIF**
**department of computer, Faculty of Science and Health, Koya university,Koya, Kurdistan Region, Iraq.**
**darsim.saeed@koyauniversity.org**
**YADGAR SALAH IBRAHIM**
**General Directorate of Education of Halabja Halabja, Kurdistan Region, Iraq.**
**yadgarsalah870@gmail.com**

**Keywords** : self-nostalgia, Hemin Mukriyani, return to childhood, homeland and belonging, longing for the past.

**How To Cite This Article**
Qadhi , Rawand Hama Jaza , DARSIM SAEED SHARIF ,YADGAR SALAH IBRAHIM , The Dimensions of Self-Nostalgia and Its Manifestations in the Poetry of (Hemin Mukriyani) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract:
This study examines nostalgia and its manifestations in the poetry of Himn Mukriyani. Its primary objective is to explore this psychological and literary phenomenon within the poet’s works and to identify its major forms. The study begins with a theoretical framework and subsequently

employs a descriptive-analytical approach to investigate the representation of nostalgia in selected poems. The analysis highlights several principal dimensions of nostalgia, including nostalgia for childhood, nostalgia for youth, nostalgia for homeland and birthplace, and nostalgia arising from separation from loved ones.

The findings reveal that nostalgia in Himn Mukriyani's poetry is not merely a simple recollection of the past; rather, it functions as an artistic device through which the poet expresses inner suffering, reinforces personal and collective identity, and evokes a profound sense of attachment to homeland and loved ones. The study further demonstrates that displacement, migration, and separation from the homeland constitute major factors contributing to the intensification of nostalgic feelings throughout his poetry.

In conclusion, the research argues that nostalgia serves as a fundamental poetic element in Himn Mukriyani's works, contributing to the creation of emotionally powerful, aesthetically rich, and semantically profound texts. As a result, his poetry occupies a distinguished position within Kurdish literary tradition and offers a significant representation of the human experience of longing, memory, and belonging.

**الملخص:**

تتناول هذه الدراسة ظاهرة الحنين إلى الماضي) **النوستالجيا** (وتجلياتها في شعر **هيمن موكرياني**، حيث يتمثل هدفها الرئيس في استكشاف هذه الظاهرة النفسية والأدبية في نتاج الشاعر وتحديد أبرز أشكالها. تبدأ الدراسة بتأسيس إطار نظري، ثم تعتمد **المنهج الوصفي التحليلي** لتقصي تمثلات الحنين في قصائد مختارة. ويسلط التحليل الضوء على عدة أبعاد رئيسة للحنين، منها: الحنين إلى الطفولة، والحنين إلى الشباب، والحنين إلى الوطن ومسقط الرأس، بالإضافة إلى الحنين الناجم عن فراق الأحبة.

وتكشف النتائج أن الحنين في شعر هيمن موكرياني ليس مجرد استدعاء بسيط للماضي، بل إنه يعمل كأداة فنية يعبر الشاعر من خلالها عن معاناته الداخلية، ويعزز الهوية الشخصية والجمعية، ويثير شعورا عميقا بالارتباط بالوطن والأحبة. كما تظهر الدراسة أن النزوح والهجرة والابتعاد عن الوطن تشكل عوامل أساسية أسهمت في تكثيف مشاعر الحنين في قصائده. لقد استخدمنا في هذه الدراسة منهجنا الوصفي التحليلي. أولاً، يتم تحديد الأسس النظرية للحنين إلى الماضي، ثم يتم تقييم الأمثلة الشعرية من خلال القراءة المتأنية والتحليل النصي.

وختاما، يخلص البحث إلى أن الحنين يمثل عنصرا شعريا جوهريا في أعمال هيمن موكرياني، يسهم في صياغة نصوص ذات قوة عاطفية، وثراء جمالي، وعمق دلالي؛ الأمر الذي جعل شعره يحتل مكانة متميزة في التراث الأدبي الكوردي، ويقدم تجسيدا بليغا للتجربة الإنسانية في الشوق والذاكرة والانتماء. يهدف هذا البحث إلى تقديم مصطلحات ومفاهيم الحنين بإيجاز وتحليل النصوص الشعرية التي تعكس أبعاد الحنين نفسه في قصائد هيمني موكرياني.

# ڕەهەندەکانی نۆستالۆژیای خودی و ڕەنگدانەوەی لە شیعری ( هێمن موکریانی) دا .

ڕەوەند حمەجزا قاضی
rawand.jaza@uoh.edu.iq

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە، هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

دەرسیم سعید شریف
darsim.saeed@koyauniversity.org

بەشی کۆمپیوتەر، فاکەڵتی زانست و تەندروستی، زانکۆی کۆیە، کۆیە،هەرێمی کوردستان، عێراق.

یادگار صلاح ابراهیم
yadgarsalah870@gmail.com

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە لەسەر نۆستالۆژیا و ڕەنگدانەوەی لە شیعری هێمن موکریانیدا دامەزراوە. ئامانجی سەرەکی ئەوەیە کە ئەم دیاردە دەروونی و ئەدەبییە لە دەقەکانی شاعیردا ڕوون بکرێتەوە و جۆرەکانی دیاری بکرێن. توێژینەوەکە لەسەر بنەمای تیۆری دەست پێدەکات و پاشان بە شێوازی شیکاری نموونەی شیعری ڕەنگدانەوەی نۆستالۆژیا لە چەند ئاراستەیەکی سەرەکیدا دەخاتەڕوو، وەک نۆستالۆژیای منداڵی، نۆستالۆژیای گەنجی، نۆستالۆژیای زێد و نیشتمان، و نۆستالۆژیای دووری لە ئازیزان. لە ئەنجامدا دەردەکەوێت کە نۆستالۆژیا لە شیعری

هێمن موکریانیدا تەنها بیرکردنەوەیەکی سادە لە ڕابردوو نییە، بەڵکو ئامرازێکی هونەرییە بۆ دەربڕینی دەردی ناخ، قووڵکردنەوەی ناسنامە و دروستکردنی هەستێکی بەهێزی پەیوەندی بە زێد و خۆشەویست. هەروەها دیار دەبێت کە ئاوارەیی، کۆچبەری، و دووری لە نیشتمان هۆکاری سەرەکی قووڵبوونی ئەم هەستە بوون لە شیعرەکانی دا. لە کۆتایدا، توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەکات کە نۆستالۆژیا لە شیعری هێمن دا بووەتە هۆی پێکهێنانی دەقێکی هەستیار، ئیستاتیکی و پرمانا، کە لەناو ئەدەبی کوردیدا شوێنێکی بەهێزی بۆ خۆی دەستەبەر دەکات.

**کلیله وشەکان /** نۆستالۆژیای خودی ، هێمن موکریانی ، گەڕانەوە بۆ منداڵی، زێد و نیشتیمان، حەسرەت و ڕابردوو.

## پێشەکی:

نۆستالۆژیا یەکێکە لەو دیاردە دەروونی و ئەدەبییانەی کە لە زۆربەی کولتوور و زمانەکاندا شوێنی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام لە ئەدەبی کوردیدا بەتایبەتی پەیوەندییەکی قووڵی بە مێژووی ئازار، کۆچبەری، دەربەدەری و لەدەستدانی نیشتمان هەیە. لە ڕووی زاراوەییەوە، نۆستالۆژیا لە بنچینەدا لە دوو بەشی یۆنانی پێکهاتووە و واتای گەڕانەوە بۆ ماڵ و هەستی ئازار و حەسرەت دەگەیەنێت. لە پێشکەوتنی بیرکردنەوەی مرۆیی و ڕەخنەی ئەدەبییدا، ئەم زاراوەیە لە بواری دەروونناسییەوە بۆ بواری ئەدەب گواسترایەوە و بووە بە یەکێک لە بنەما گرنگەکانی خوێندنەوەی دەقە شیعرییەکان .هێمن موکریانی یەکێکە لە شاعیرانی بەرچاوی ئەدەبی کوردی کە نۆستالۆژیا لە شیعرەکانی دا تەنها وەک هەستێکی سادە دەرناکەوێت، بەڵکو وەک هێزێکی هونەری و دەروونی کار دەکات. لە شیعرەکانی دا گەڕانەوە بۆ منداڵی، گەنجی، زێد و نیشتمان، و هەروەها دووری لە یار و ئازیزان، بووەتە سەرچاوەی دروستبوونی دەقێکی پڕ لە حەسرەت، ناسنامە و بیرەوەری. ئەم جۆرە نۆستالۆژیایە لە دەقەکانی دا هەم بۆ بیرکردنەوەی ڕابردوو بەکاردێت، هەم بۆ ڕوونکردنەوەی دۆخی ئێستای مرۆڤ لە دۆخێکی ئاڵۆز و گۆڕاو .بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات لە ڕێگەی خوێندنەوەی تیۆری و شیکاریی نموونەی شیعری، ڕەنگدانەوەی نۆستالۆژیا لە شیعری هێمن موکریانیدا بخاتە بەرچاو و پیشانی بدات کە چۆن ئەم هەستە بووەتە بەشێکی گرنگ لە بنیاتە هونەری و فکرییەکانی شاعیر.

**پێکهـاتەی تـوێژینەوە:** ئەم تـوێژینەوەیە لە دوو بەشـی سـەرەکی پێکهاتووە. بەشی یەکەم بۆ ڕوونکردنەوەی بنەما تیۆرییەکانە؛ لەو بەشەدا زاراوە، چەمـک، پێناسـە و جۆرەکـانی نۆسـتالۆژیا بـاس دەکـرێن. بەشـی دووەمیش بە شێوەی شیکاریی ڕەنگدانەوەی نۆستالۆژیا لە شیعری هێمن موکریانیدا دەخاتەڕوو، بە تایبەتی لە گەڕانەوە بـۆ منـداڵی، گەنجـی، زێـد و نیشتمان، و دووری لە ئازیزان .

**گرنگی توێژینەوە:** گرنگـی ئەم تـوێژینەوەیە لەوەدایە کە یارمەتیـدەرە بـۆ تێگەیشتن لە یەکێک لە کـاریگەرترین هەسـتە دەروونـی و ئەدەبییەکـان لە شیعری کوردیدا، کە نۆستالۆژیایە. هەروەها تێدەگەین چۆن ئەم هەستە لە شـیعری هـێمن دا بـووەتە ئـامرازێکی هـونەری بـۆ دەربڕینـی دەردی نـاخ ودەروونی خـۆی و هەسـت لەدەسـتدانی ناسـنامە و نیشـتمان. ئەمەش بەهایەکی ئەدەبی و ڕەخنەیی گرنگ بە دەقەکە دەبەخشێت .

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی سـەرەکی ئەم تـوێژینەوەیە ئەوەیە کە ڕۆڵ و ڕەنگـدانەوەی نۆسـتالۆژیا لە شـیعری هـێمن موکریانیـدا دیـاری بکـات. بەتـــایبەتی، تـــوێژینەوەکە هەوڵ دەدات: نیشان بدات کە نۆسـتالۆژیا چـۆن لە شـیعرەکانی شـاعیردا دەردەکەوێـت؛ جۆرەکانی نۆستالۆژیا جیا بکاتەوە؛ و پەیوەندی نێـوان نۆسـتالۆژیا و شـوێن، کات، خود، نیشتمان و ئازیزان ڕوون بکاتەوە .

**گرفتــی تــوێژینەوە:** هەرچەنــدە بەراورد بە هەنــدیک لە شــاعیرانی کوردهێمن توێژینەوەی باشی لەسـەر کـراوە بەڵام بەدیـاریکراوی بـابەتی : نۆستالۆژیا لە شیعری هـێمن موکریانیـدا بە کـام شـێواز و لە کـام بابەتانـدا دەردەکەوێت؟ هۆکـارە دەروونـی و کۆمەڵایەتییەکـانی ئەم هەسـتە چـین؟ وەک پیویسـت تـوێژینەوەی زانسـتی و ئەکـادیمی لەسـەر نەکـراوە. و سەرچاوەی پێویست لەبەردەست نەییە بۆ ئەم بابەتە

**میتۆدی توێژینەوە:** بۆ ئەم توێژینەوەیە **میتۆدی وەسفی-شـیکاریمان** بەکارهێنراوە. سەرەتا بنەما تیۆرییەکانی نۆستالۆژیا دیاری دەکرێن، پاشـان نمـــوونەی شـــیعرییەکان بە خوێنـــدنەوەی نزیـــک و شـــیکاری دەق هەڵدەسەنگێنرێن.

**سـنوری تـوێژینەوە:**سـنوری ئەم تـویژینەوە بەکـورتی ناسـاندی زاراوە و چەمکـی نۆسـتالۆژیا و شـیکاری ئەو دەقە شـیعریانەیە کە رەنگـدانەوەی



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

ڕەهەنـــدەکانی نۆســـتالۆژیای خـــودی تێـــدایە لە شـــیعرەکانی هێمنـــی موکریانیدا.

## بەشی یەکەم / زاراوەی نۆستالۆژیا و چەمك و پێناسەی نۆستالۆژیا

### تەوەرەی یەکەم/ زاراوەی نۆستالۆژیا

نۆســتالۆژیا (Nostalgia) وشــەیەکی یۆنـانییە لە دوو بەشــەوە پێکهـاتووە: "nostos" بە مانای گەڕانەوە بۆ ماڵ، و "algos" بە مانای ئێش و ئازار. جا بە یەکەوە مانای "ئێشی گەڕانەوە بۆ ماڵ" یان "حەسرەتی شـوێنی دڵخـواز" دەدات. ئەم زاراوەیە یەکەم جـــار لە ســـاڵی ١٦٨٨دا لەلایەن دکتـــۆری سویسری (Johannes Hofer)ـەوە بەکارهێنرا بۆ وەسـفکردنی دۆخێکی دەروونـی لە نەخۆشـەکانی سـەربازیدا کە ئـارەزووی گەڕانەوە بـۆ وڵاتیـان هەبـوو (Boym، ٢٠٠١: ٣). واتە ئەم زاراوەیە سـەرەتا پەیوەسـت بـوو بە بواری پزیشکی و بە دیاریکراوی زانسـتی دەروونەوە، بـۆ چارەسـەرکردنی سەربازەکان بەکاردەهات، کە بەهۆی دوورکەوتنەوەیان لە خێزان و وڵاتـی خۆیـان تووشــی جۆرێـك لە نەخۆشــی دەهـاتن، ئەمەش بە پـێچەوانەی بیروباوەڕی ئـێمەوە، زاراوەی نۆسـتالۆژیا کە واتـای حەسـرەت بـۆ ڕابـردوو و هەســتی دڵتەنگــی و خەمــی غـوربەت دەگەیەنێــت، لە دنیـای شـیعر و ئەدەبیات سـەری هەڵنەداوە. (عەبدوڵا، ٢٠١٤: ٨)

کەواتە لە بنەڕەتـدا زاراوەی نۆســتالۆژیا، لە گەڕانەوە بـۆ ڕابـردوو و خەم و دەردی حەســـرەتی گەڕانەوە بـــۆ شـــوێنی زێـــد و وڵاتەوە هـــاتووە، یـــاخود نۆستالۆژیا واتە خەون و خەیاڵ و ئاوات خواستن بۆ داهاتوویەکی پرشنگدار و پڕ لە سـەروەری، دوور لە خەم و ژان و نائـارامی. (عەبـدوڵا، ٢٠١٦: ٥) بێگومـان ئەو کـاتەی زۆر ئـارەزوو و پەرۆشــی ڕابـردووین و دەبێـتە دیـاردە لە ژیانمان، کاریگەری بەسەرمانەوە دەردەکەوێت، کە ڕەنگە وا بکات کاریگەری بەسەر کەسێتیمانەوە دروست بکات، مەرجیش نییە ئەوەندە بیرکردنەوە و پەرۆش و هۆگربوون بە ڕابردوو هەموو جارێـك ئـازار و ناخۆشــی و کۆسـتـی بەدواوە بێـت. بەڵکـو جـاری وا هەیە کەسـێتیمان ئاڕاسـتە دەکـات بـۆ بە خۆداچـــوونەوە و دەســتنیشـــانکردنی خـــاڵی وەرچەرخـــان و بەرپـــابوونی گۆڕانکاری و خۆگونجاندن و زاڵبوون بەسەر کۆسپ و تەگەرەکانی ژیانماندا. (حنفــی، ٢٠١١: ٥٤). پەرۆشـــبوون بـــۆ ڕابـــردوو خـــۆی لە گۆڕانکـــاری و پێکهاتنەوە و شادبوونەوە لەو شـت و بابەتـانە دەبینێـتەوە کە لە دەسـتمان

داون، دەمانەوێت سەرلەنوێ بەدەستیان بێنینەوە و بونیادیان بنێینەوە، لەلایەکی ترەوە پەرۆشبوون بۆ ڕابردوو خۆی لە لاساییکردنەوە و ڕەنگدانەوە دەبینێتەوە، مەبەستیش لەمە ئامێز بۆ ڕابردوو بکەینەوە بێ ئەوەی وەرچەرخان و گۆڕانکارییەکان لە ژیانماندا هەبێت، بەرەو ڕێگا و شێوازێکی تازە ئاڕاستەمان بکەن.

نۆستالۆژیا گەر بەشێوەیەکی تەندروست لە ژیانی تاکەکان ڕەنگبداتەوە بێگومان گەشبینی بەدوای خۆیدا دێنێت و چاوەڕێی داهاتوویەکی ئومێدبەخشی لێدەکرێت. ئەگەر نا لەوانەیە ببێتە پەرچەکردارێك بۆ بیرکردنەوەی نەرێنی و شێوازی ژیانێکی خراپ، بۆ نموونە: کاتێك ئازیز و دۆستێك لە دەستدەدەین، یان دووچاری داپرانی پەیوەندی سۆزداری، یاخود بۆ زێد و شوێن و جوگرافیایەکی تر هەنگاو دەنێین، ئەمانە و چەندین بەسەرهات و ڕووداوی کاریگەری تر ناچارمان دەکەن دەست و پەنجەکانمان نەرم بکەین لەگەڵ هەلومەرج و بارودۆخی نوێدا، بێگومان ئەمەش دەبێتە ئەزموونێکی تر لە ژیاندا کە پێشتر بەرکەوتنمان لەگەڵیاندا نەبووە، مەرجیش نییە سەرکەوتن ببێتە بەشمان. (قادر – ئەحمەد، ٢٠٢٥: ١١٠).

لە کولتوری کوردیدا، نۆستالۆژیا پەیوەندییەکی قووڵی هەیە بە مێژووی ئازار، کۆچبەری، و لەدەستدانی نیشتیمان. زۆرێک لە توێژینەوەکانی ئەدەبی کوردی باسیان کردووە کە چۆن ئەم هەستە لە شیعرەکاندا دەردەکەوێت وەک بوونێکی بنەمایی نەک تەنها وەک شێوازێکی ئەدەبی (سەعید٢٠١٥: ٧٨). نالی و حاجی قادری کۆیی و مەلای جزیری و تا دەگاتە شاعیرانی سەردەمی نوێ وەک هێمن موکریانی، هەمووی لە شیعرەکانیاندا ئەم هەستە بەشێوەکانی جیاواز دەردەخەن.

## تەوەرەی دووەم: چەمك و پێناسەی نۆستالۆژیا

دەستنیشانکردنی پێناسەیەکی گشتگیر و نەگۆڕ بۆ بابەتێکی وەکو نۆستالۆژیا، کارێکی دژوار و ئاڵۆزە، چونکە ئەم دیاردەیە لە بنەڕەتەوە پەیوەندی نێوانی ئاستی سەبجێکتیڤ و ئەزموونی ناوەوەی مرۆڤەوە هەیە. هەر کەسێک لەسەر بنەمای ئەزموون و هەستیارییەکانی تایبەت بە خۆیەوە پێناسەیەکی جیاواز دەخاتەڕوو، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە دەکرێت چەندین پێناسەی جیاواز دروست ببێت، بەبێ ئەوەی دروستی

زانستییان لە یەكتر كەم بكاتەوە، ئەگەرچی هەموویان لە چوارچێوەیەكی تیۆری یەكسانی دا دەگوازرێنەوە.

ئاشكرایە هەر لە كۆنەوە تێروانین و بیروبۆچوونی جیاواز سەبارەت بە چەمك و پێناسەی نۆستالۆژیا هەبووە، تەنانەت بەشێك لە بیرمەندان و ئەدەب دۆستان لە سیاقی بواری ئەدەبیدا چڕیان كردۆتەوە. زیاتر بە بواری ئەدەبییان بەستۆتەوە. ئەگەرچی نۆستالۆژیا زاراوەییەكی دەرونزانییە، بەڵام هەر زوو سەرنجی فەیلەسوفانیشی بەلای خۆیدا ڕاكێشاو وای لێكردن دیدوبۆچوونی خۆیان لەمبارەیەوە بخەنەڕوو.بۆ نمونە

(ڕۆسۆ) باسی ئەوەی كردووە كە چۆن میلۆدییەك بەشێوەیەكی سەیر مەیلی نۆستالۆژیا ببزوێنێت و ببێتە هۆكارێك بۆ دروستبوونی حەزو ئارەزووی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو. جگە لەمانە بارودۆخی دارایی و سەركەوتنی كۆمەڵایەتی دەتوانێت كۆتایی بەم نەخۆشییە بهێنێت، بۆیە (كانت) زیاتر نۆستالۆژیای بە خراپی بارودۆخی ئابووری تاك بەستەوە، نەك بە دووری لە نیشتمان و زێدی لەدایكبوون، كەوایە دەتوانیت بڵێین بارودۆخی تایبەتی تاك بە هۆكاری سەرەكی هاتنەكایەی نۆستالۆژیا دادەنرێت. (حمەساڵح – فتاح، ٢٠٢٥: ٢٤٧)

لە ڕاستیدا نۆستالۆژیا جۆرە نەخۆشییەكە، كە توشی مرۆڤ دەبێت، وا لە مرۆڤ دەكات حەز بە گەڕانەوە بۆ زێد و نیشتمانی خۆی و شادبوونەوە بە دیداری دۆست و ئازیزان بكات، نۆستالۆژیا یان گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، یان گەڕانەوە بۆ ئەو ماوەیەی كە لەگەڵ بیرەوەرییەكاندا ئاوێتە دەبێت، لەنێو بواری ئەدەبیدا، هەوڵدراوە كە جەوهەر و هۆیەكانی دروستبوونی نۆستالۆژیا ڕوونبكرێتەوە، لەڕێگەی لێكۆڵینەوە جۆربەجۆرەكانەوە، بۆ گەیشتن بەو یادەوەرییانەی، كە لەڕێگەی هەستەكانی مرۆڤەوە دەگەن بە مێشك و دڵ و دەروون، كە زۆرجار ئەم فلاشباكە ڕووداوی گرنگ، كاریگەری لەسەر كەسە خۆشەویستەكانمان دروستدەكات. (محمد، ٢٠٢٤: ٦)

بۆچوونی جیاواز هەیە دەربارەی چەمكی نۆستالژیا، بەتایبەتی بۆ چوونی هەندێک لە زانایانی دەروونناسی پێیان وایە نۆستالژیا، بە پێچەوانەی تێگەیشتنی باو، نە نیشانەی لاوازیە و نە چەقینێكی ناتەندروستە لە ڕابردوودا؛ بەڵكوو میكانیزمێكی پەرەسەندنی ژیرانەیە بۆ خۆگونجاندن و "مانەوە لە ناو نادیاریدا". مێشک لە ڕێگەی دووبارەخوێندنەوەی وەشانێكی

نموونەیی (Idealized) لە ڕابردوو، هەوڵ دەدات مانا و ئاراستەیەک بە بوونی تاک ببەخشێت، تا لەو ڕێگە لێڵ و نادیارانەی داهاتوودا تێپەڕێت. ئێمە بۆیە پەنا دەبەینە بەر سێبەری ڕابردوو، تا ڕێگری بکەین لە داڕمانی دەروونی و کەوتنە ناو بۆشایی مانایی ئیستادا. (جمیل، ٢٠٢٦).

لێرەدا هەوڵدەدەین چەند پێناسەیەك لە فەرهەنگە جیاوازەکاندا بخەینەڕوو لەبارەی نۆستالۆژیاوە:

- نۆستالۆژیا واتە سۆزی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو. نۆستالۆژیا وشەیەکی یۆنانی کۆنە و ئاماژە بۆ ئەو ئازار و ناخۆشییانە دەکات کە نەخۆش دوچاری دەبێت بەهۆی سۆزی گەڕانەوەی بۆ ژینگەکەی خۆی و ترس لەوەی نەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی شوێن و ژینگە بنەڕەتییەکەی. یان سۆز بۆ ڕابردو، بۆ شوێنی یەکەم. زەمەنی نۆستالۆژیا پەیوەستە بە زەمەنی ڕابردوو. (ئەسوەد، ٢٠١٥: ٣٩١)
- فەرهەنگی لاروسی فەڕەنسی (چاپی ١٩٣٢) نۆستالۆژیا وەک بەرسیڤێکی دەروونی پێناسە دەکات لەبەرامبەر ناتوانایی کەسێک لە خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگە یان بارودۆخێکی نوێ، چ لە ئاستی مادی و چ لە ئاستی دەروونیدا، تا ئەو ئاستەی کە ئەم هەستە دەتوانێت توشی ئەو کەسانەبێت کە هیچ کاتێک شوێن و خاکی خۆیانیان جێ نەهێشتووە. لە مانایەکی بەرفراوانتردا، نۆستالۆژیا دەکرێت وەک هەستێکی گشتیی ڕەتکردنەوەی گۆڕانکارییەکانی ژیان پێناسە بکرێت. (عەبدولا، ٢٠١٦: ٢٨)
- نۆستالۆژیا لە فەرهەنگی عەرەبیدا بەشێوەیەکی گشتی لە دەوروبەری ئەو هەستانەی وەکو سۆز و حەسرەت و پەرێشانی پێناسەکراوە، کە کەسێک کاتێک لە نیشتمان و خۆشەویستانی دوور دەکەوێتەوە هەستی پێدەکات. بەڵام پێناسەیەکی تریش هەیە کە تایبەتتر و سنووردارترە، بەوەی کە ئەم هەستە تەنها لە کاتی ڕووداوێکی کاریگەر یان کارەساتێکی گەورەدا دروست دەبێت، کە شاعیر لەو کاتەدا بیر لە غەریبی و بارودۆخی خۆی یان نیشتمانەکەی دەکاتەوە. واتە بەپێی ئەم بیرۆکەیە، مرۆڤ لە بارودۆخی ئاساییدا کەسێکی ئاساییە و ئەم حەزی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو لەلای نییە، تا ئەوکاتەی کە ڕووداوێک یان کارەساتێک بەسەری دێت و ئەوکاتە ئەم هەستە خۆی دەخاتە ئاراوە، ئەگەرچی زۆرجار هەمان هەستە لە یەکەم کاتی جیابوونەوەی مرۆڤ لە خۆشەویست و نیشتمانەکەیەوە دروست دەبێت. (اسماعیل، ٢٠١٤: ١٧)
- لای ئینگلیزەکان لێکۆڵینەوەکانی نوێ سنووری مانای نۆستالۆژیایان گەورەتر کردووە. لێکۆڵەری ئەمریکی "داڤێس" ئەم چەمکە لە ئاستێکی

پۆزەتیڤدا پێناسە دەکات، بەوەی کە نۆستالۆژیا بریتییە لە چێژ و شادی وەبیرهێنانەوەی ڕابردوو، کە ئەم هەستە دەتوانێت هەتا ئەو هەستانەی وەکو بێهیوایی و ڕق لاببات و جێیان بگرێتەوە. بەم شێوەیە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بەرسیڤێکی ئەرێنی ئێستاییە، چونکە وەبیرهێنانەوەی ئەزموونێکی لەدەستچوو زۆرجار کاریگەرییەکی باش لەسەر ناخی مرۆڤ جێدەهێڵێت. (عەبدوڵلا، ٢٠١٦: ٢٧)

بەکورتی نۆستالۆژیا هەستێکی بێ ئاگایانەیە و لای هەموو مرۆڤێک وجوودی هەیە، لە (ئەدەب و شیعر) دا بەشێوەیەکی نوێ لەکۆتایی سەدەی نۆزدە خزاوەتە نێو ڕەخنەی ئەدەبی، بەشێوەیەکی تایبەت ڕەخنەی دەروونی، کە زۆر ورد کاری لەسەر کرد. نۆستالۆژیا خەیاڵ و تێڕامانێکە لە ژیانی ڕابردووی پڕ سەروەری سەرچاوە دەگرێت، هەڵبەتە ئەم ڕابردووە لە ئێستای تاکەکە نەماوە و درووستبوونەوەشی بۆتە شتێکی مەحاڵ، بەم پێیەش بێت دەکرێت بڵێن زۆربەی دەقەکان نۆستالۆژیایان تێدایە.. کەواتە ئەم گەڕانەوە و ڕابردووە بۆ ئەدەب شتێکی پێویست و لەجێیە. (ئەسعەد، ٢٠٢٣) دواجار دەتوانین بڵێین: نۆستالۆژیا گەر بەشێوەیەکی تەندروست لە ژیانی تاکەکان ڕەنگبداتەوە بێگومان گەشبینی بەدوای خۆیدا دێنێت و چاوەڕێی داهاتوویەکی ئومێدبەخشی لێدەکرێت. بەڵام ڕەنگە نۆستالۆژیا ببێتە پەرچەکردارێك بۆ بیرکردنەوەی نەرێنی و شێوازی ژیانێکی خراپ. بۆ نموونە کاتێك ئازیز و دۆستێك لەدەستدەدەین، یان دووچاری داڕانی پەیوەندی سۆزداری یاخود بۆ زێد و شوێن و جوگرافیایەکی تر هەنگاو دەنێین، ئەمانە و چەندین بەسەرهات و ڕووداویو کاریگەری تر ناچارمان دەکەن دەست و پەنجەکانمان نەرم بکەین لەگەڵ هەلومەرج و بارودۆخی نوێدا، بێگومان ئەمەش دەبێتە ئەزموونێکی تر لە ژیاندا کە پێشتر بەرکەوتنمان لەگەڵیاندا نەبووە، مەرجی نییە سەرکەوتن ببێتە بەشی مرۆڤ. (قادر – ئەحمەد، ٢٠٢٥: ١١٠) واتە دەکرێت نۆستالۆژیا وەک دەروازەیەک سەیربکرێت بۆ مامەڵەکرد لەگەڵ کەتوارێکێک نوێ کە بۆ مرۆڤ دێتە ئاراوە.

## بەشی دووەم/ جۆرەکانی نۆستالۆژیا :

نۆستالۆژیا دیاردەیەکی تاک و یەك لایەن نییە، بەڵکو خۆی لە چەند شێوەی جیاوازدا دەخاتە ئاراوە بەپێی ئەو بابەتەی کە مرۆڤ حەسرەتی دەکێشێت. بەگشتی دەکرێت نۆستالۆژیان بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش بکرێت ئەوانیش :

## تەوەری یەکەم / نۆستالۆژیای گشتی :

نۆستالۆژیای گشتی جۆرێکی جیاوازە کە سنووری تاکەکەسی تێپەڕ دەکات و بەرەو ئەو ڕابردووی دووری نەتەوەیەک دەسووڕێتەوە، بابەتەکانی لە زەمانی کۆن و شوێنی دەست پێڕانەگەشتوو دادەنرێن. ئەم جۆرە لە نۆستالۆژیایە پەیوەندییەکی نزیکی بە ئەفسانەوە هەیە، چونکە ئەفسانەکان خۆیان بەرهەمی ئاواتە کۆمەڵایەتیەکانی نەتەوەن لە سەردەمی پێشوودا، کە دوایی بە شێوەی گێرانەوە و وێنەی دەروونی نەتەوەیەک لە مێژوودا جێماون. بەم پێیە، ئەفسانەکان ژیانی منداڵی نەتەوەن و خەونی هەر تاکێک لەو نەتەوەیە کە لەخۆیان دەگرن. لەم بنەمایەوە بابەتە سەرەکیەکانی نۆستالۆژیای گشتی بریتین لە باسکردنی مێژووی نەتەوە، بەرزکردنەوەی ناوی شاعیرانی کلاسیک، یادکردنەوەی ڕووداوە مێژووییەکان و پاڵەوانە ئەفسانەییەکان، کە هەموویان کۆتاییان بەو هەستە نۆستالۆژیایەوە دەگات کە مرۆڤ بۆ ڕابردوویەکی بەرزو ئەفسانەیی حەسرەتی دەکێشێت، بەشێوەیەکی گشتی نۆستالۆژیای گشتی بریتین لەمجۆرانە:

١- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ ئەفسانەکان.
٢- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ شوێنەوارە کۆن و دێرینەکان.
٣- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ کەسایەتییە مێژویی و نەتەوەییەکان.
٤- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ داستانە دێرینەکان.
٥- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان.
٦- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆڕووداوە سیاسی و مێژووییەکان. واتە بەشێکی گەورەی نۆستالۆژیای گشتی پەیوەستە بە کۆنەستی کۆمەڵگەوە کە لە سەرچاوەکەی بۆ ئەفسانەکان دەگەڕێتەوە، کەواتە ( ئەفسانەکان ئارەزووەکانی زەمەنی منداڵی مرۆڤ لە خۆدەگرن، هەر نەتەوەیەک لە زەمەنی پێشوویدا لە ئارەزوو ئاواتەکانیدا، خەیاڵاتێک دروست دەکات)(عەبدوڵلا، 2016: 56 )

ئەم جۆرانەی نۆستالۆژیا زادەی خەیاڵی بەرینی شاعیرن چونکە خەیاڵ لە ئەدەبیاتدا بە هێزێك تەماشا دەکرێت کە دەتوانێت ڕاستییەکان بگۆڕێت یان بە پێچەوانەوە، ڕاستییەکی نوێ دروست بکات. نۆستالۆژیا پەیوەندییەکی ئاشکرای هەیە لەگەڵ خەیاڵی ئەدەبیدا، نۆستالۆژیا و بیرەوەری پێکەوە کار دەکەن بۆ دروستکردنەوەی کەسایەتی شاعیر. لەم پرۆسەیەدا، بیرەوەری ڕۆڵی "فلتەرێک" دەگێڕێت؛ واتە شاعیر تەنها ئەو بیرەوەرییانە دەخاتەڕوو کە



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ / المجلد ١٦ / العدد ٥

پەیوەندییان بە سۆزەکانیەوە هەیە و ئەوانی تر لە دەرەوە دەهێڵێتەوە. لە لایەنی دەروونناسییەوە، نۆستالۆژیا جۆرێکە لە "بیرەوەری ئەرکی" (Autobiographical Memory) کە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ناسنامەدا هەیە (Wilson، ٢٠٠٥: ٩). ئەم جۆرانە لە نۆستالۆژیای گشتی لەبەرهەمی زۆرینەی شاعرانی کورددا دەردەکەوێت،بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەی کە گەلی کوردی تێکەوتوە،لەبەر سنورداری توێژینەوەکەمانتەنها نمونەی شیعری بۆ جۆرەکانی نۆستالۆژیای خودی دەخەینەڕوو.

## تەوەری دووەم / ڕەهەندەکانی نۆستالۆژیای خودی و ڕەنگدانەوەی لە شیعری هێمن موکریانی دا :

ئەم جۆرە هەر لە ناوەکەی دیارە کە نۆستالۆژیای خودی پەیوەستە بە خودی کەسەکە و یادەوەریەکانی خۆی لە ڕابردوودا، مرۆڤ هەموو هەست و هۆشی چڕ دەکاتەوە بۆ جەخت کردن لەسەر ڕووداوەکانی ژیانی تایبەتی خۆی، ئەو یادگاریانەی کە لە رابردوو روویان داوە و پەیوەستە بە خودی کەسەکە، جا ئەو یادگاریانە خۆش بن یان ناخۆش کە مرۆڤەکە باسی دەکات، (کەسەکە بە جۆرێک گوزارشتی لێ دەکات کە هەندێجار لە ناو باسکردنەکەیدا بە خێرایی یان سەرپێی دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوەکانی ژیانی رابردووی خۆی چەند دیمەنێکی ئەو یادگاریانە بە وشە دەنەخشێنێت لە دێریک یان چەن دێرێکدا، پاشان دەچێتەوە سەر بابەتەکەی خۆی هەندێ جاریش تەواوی ڕووداو و وێنەکانی نێو یادگەی، تایبەت دەکات بە رابردووی خۆی). (قادر – وهاب، ٢٠٢٥)

نۆستالۆژیای تاکەکەسی یان خودی یەکێکە لە جۆرە سەرەکیەکانی نۆستالۆژیا، کە تێیدا کەسێک حەسرەتی خۆی یان کاتێکی تر لە ژیانی خۆیدا دەکێشێت. ئەم جۆرە لە نۆستالۆژیایە پەیوەندی نزیک بە پرسی ناسنامە و بەردەوامی خودەوە هەیە، چونکە کەسەکە هەوڵ دەدات لە ڕێگەی یادەوەریەوە خودێکی لەدەستچووی دووبارە بدۆزێتەوە. نۆستالۆژیا کارکردێکی دەروونی ئەرێنی هەیە کە بە هێزکردنی هەستی بەردەوامی خود و ماناداركردنی ژیانی تاکدا دەردەکەوێت. (عەساف، ٢٠١٣: ٤٧)

لەلایەکی ترەوە، ئەم جۆرە لە نۆستالۆژیایە تەنها سنووری یادەوەری تێپەڕ دەکات و دەبێتە ئامرازێک بۆ دووبارە بنیادنانی خود لە بارودۆخی گۆڕانکاریدا. مرۆڤ کاتێک هەستی دوورکەوتنەوە لە خودی ڕابردووی دەکات، نۆستالۆژیا

وەک پردێکـی نێـوان دوو کـاتی جیـاواز کـار دەکـات و یەکێتـی ناوەنـدی کەسەکە دەپارێزێت. (حمدان، ٢٠١٧: ٨٣)

لە دنیایەکی پڕ لە ئاڵۆزی و ناکۆکدا، نۆستـالۆژیا وەک ئـامرازێکی دەروونـی کـار دەکـات تـا تـاکی مـۆدێرن ناسـنامەی خـۆی لە نـاو گەمـارۆی ئێسـتادا لەدەست نەدات. کاتێک پەیوەندی نێوان خودی ڕابردوو و خودی ئێستا قووڵ دەبێـت، مـرۆڤ نەک لەبەر ئەوەی ڕابـردوو باشـتر بـوو، بەڵـکو لەبەرئەوەی دڵنیـا و دەستنیشـانکراوە بـۆی دەسـوورێتەوە، چـونکە لە هەمـبەر داهاتوویەکی تاریک و دڵەڕاوکێدا، ڕابردوو تەنیا شوێنێکە کە هیچ مەترسـی نەخوازراوێکی تێدا نییە. (جمیل، ٢٠٢٦)

## أ- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی:

نۆستالۆژیا ئاوڕدانەوە و هەستێکی ئاڵۆزە بە ئاڕاستەی ڕابـردوو، گەڕانەوە و یـادکردنەوەی ڕۆژانـی ڕابـردوو و منـداڵی یە، بەشـێوەیەك بـۆن و دەنـگ و ڕەنگـی پێشـوو یـان یادەوەرییەکـانی جـاران و هەسـتی تەنیـایی، هەر هەموویـان ڕەنـگە نۆسـتالۆژیایان لێبکەوێـتەوە، کاتێـك مـرۆڤ هەسـت بە نۆسـتالۆژیای ڕابـردوو دەکـات، ڕووداوەکـانی ژیـانی ڕابـردووی بیـر دێـتەوە، وێنەکـانی جارانی دێـتەوە پێش چاو و بە هێمنـی و بێدەنگی لەسـەریان دەوەسـتێت، ئەمەش وا دەکـات ببێـتە یـادەوەری و ئەزمـوونێکی کـاریگەر لەسەر ئاستی کەسـی یان سۆزداری. (حەمەساڵح – فتـاح، ٢٠٢٥: ٢٤٨) بەهێزتـرین نۆسـتالۆژیا، نیگـای سـەردەمی منـداڵییە، چیـای بەفـرین، ئاسمانی شین، دەلاقەی خانووی بەردچـن و پەنجەرەی شـین و دەرگـای سـەوز! داری سـەرقەبران و پەڕۆی سـەوز و تـرس لە جنۆکـان لە ئێـوارە درەنگانـدا کاتێـك بەلای گۆڕسـتاندا تێـدەپەڕیت، دێـوی سـەر کـانی و حەپەحەپی سـەگی ڕەش. ترسـەکان و ئاواتەکـانی خەوتـن لە سـەربان و ژماردنی ئەسـتێران و خورەخـوڕی تـاڤگە و قوڵتەقـوڵتی ئـاوی قەڵبەزەکـان. (بابایی، ٢٠٢٤: ١٢)

سەردەمی منداڵی جوانترین و پاکترین قۆنـاغی ژیـانی مـرۆڤە، جیهـانێکی دوور لە ڕق و کیـنە و تـێکەڵاوی، بـۆیە نووسـەر و شـاعیر زۆرجـار ئەو سـەردەمەیان دەکەنە سـەرچاوەی ئیلهـامی ئافرانـدن. یـادەوەری منداڵی کاریگەریەکی ئێستاتیکی ئەرێنـی لەسـەر شـیعر دەهێڵێـتەوە، چـونکە ئەو جوانیە چ لە ئاستی وێنەسازی، چ مانا و چ فۆرمی شیعرەوە ڕەنگی تازە و ناوازەیی پێ دەبەخشێت. (عەبدوڵلا: ٢٠١٣: ١٧٨) کەواتە دەتوانین بڵێین" منـداڵی بـاوکی پیـاوە ، واتە هەرچـی لە منداڵیـدا دەخـرێتە سـەر ڕووپەرە

سپی و بێگەردەکانی هۆش و دڵ ، بە درێژایی تەمەن دەمێنێتەوە و کار دەکاتە سەر ڕێڕەوەی ژیانی مرۆڤ ، بۆیە شاعیران و نوسەران بەشێوەیەکی تایبەت و دیار هیوا و ئاواتی ئەو سەردەمە دەخوازن ، ئەوەش بە ئومێدی پاکردنەوەی دڵ و دەروون و ناخیان لە هەستی تەنیایی و ژەنگی ژیان و بۆنی گەنیووی کۆمەڵگا و ...تاد .

لەبەرئەوە وێنەی منداڵی نموونەیەکی کاریگەری ژیانی مرۆڤە و ئەدەب بەگشتی و شیعریش بەتایبەتی ئەم ڕەگەزەیان وەکو کەرستەیەکی پێکهێنەر بەکارهێناوە، کە تێیدا قۆناغێکی گشتییە بۆ هەموو کەسێك کە پێدا تێپەڕیووە ((دەکرێت منداڵی، لای زۆر لە شاعیران تا باقی بوونی تەمەن هەمیشە زیندوو بێت و شوێنێك بێت بۆ سەر لەنوێ دروستکردنەوەی دونیا)) (اسماعیل، ٢٠١٤: ٥٦)

ئەگەر منداڵ لەدایکبووی لادێ و گوند بێت، نۆستالۆژیای منداڵی فراوانترە، چونکە وێنایەکی لە گوڵ و گیا و کانیاو و ڕووبار و شێوەی بیناسازی خانووەکان لە زەینتدا دەمێنێتەوە. ڕەنگە منداڵی شار لەم وێنایە بێبەش بکرێت، منداڵی شار زووتر تووشی نامۆبوون دەبێت و ڕەنگە زوو بەزوو لە فەرهەنگی باڵادەستدا بتوێتەوە. (بابایی، ٢٠٢٤: ١٣) . کەواتە دەتوانین بڵێین سەردەمی منالی پاکترین سەردەمی مرۆڤە، سەردەمێکە کە لاپەڕەکانی ڕەش نەبوونەتەوە و تووشی خەم و ئازار نەبووە، سەردەمێکی زۆر خۆشەویستە لای شاعیر، چونکە وێنەیەکی جوان و ڕوونە بەرامبەر بەو نەهامەتی و نامۆیی و غوربەتەی کە تێیدا دەژیت. (بینابی – سەرباز، ١٩٧٨، ٢١٣) ئەم جۆرەی نۆستالۆژیای تاك لە شیعرەکانی هێمندا، دەرئەنجامی ئەو ژیانە سەختەیە، کە لە ئێستای ئاوارەیی و دوورە وڵاتیدا تاڵاویی پێ دەچێژێت، دووری لە یار و ئازیزانی تووشی خەم و حەسرەتی کردووە. (محمد، ٢٠٢٤: ٧٤) لێرەدا ئەم دێرەی هێمن بە نموونە وەردەگرین:

بە منداڵی لە لێوی ئاڵی تۆم ئەستاندووە ماچێ

بەپیریش لەزەتی ئەو ماچە لە دڵم دەرناچێ (موکریانی، ١٣٩٥: ١٨٤)

هێمن موکریانی لەم دێرەدا نموونەیەکی بەرجەستەی نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی پێشکەش دەکات. شاعیر لە نیوەی یەکەمدا دەڵێت: "بە منداڵی لە لێوی ئاڵی تۆم ئەستاندووە ماچێ"، ئەمەش ئاشکرا دەکات کە ئەو بیرەوەرە لە قۆناغی منداڵیدا هەڵگیراوە و لەو کاتەوە لە قووڵایی دەروونی شاعیردا ماوەتەوە. بەڵام ئەوەی نیوەی

دووەمی تایبەت دەکات ئەوەیە کە شاعیر لە قۆناغی پیریدا کە کاتی دووری لە ئەو سەردەمەیە، هێشتا ئەو بیرەوەرە شیرینە لە دڵیدا زیندووە و لەزەتی لەبیر ناچێت، واتە کات نەیتوانیوە ئەو بیرەوەرە بسڕێتەوە. ئەم پەیوەندی نێوان منداڵی و پیری لەناو هەمان بەیتدا، تەکنیکێکی هونەریی بەرجەستەیە کە هێمن لەڕێیەوە بەکاری هێناوە تا قەبارەی نۆستالۆژیاکەی نیشان بدات؛ چونکە ئەو ماچەی لێوی ئاڵ نەک تەنها بیرەوەرییەکی ئاساییە، بەڵکو بووەتە نیشانەی تەواوی کاتی لەدەستچووی شیرینی منداڵی و گەنجییەتی.

یەکێکی دیکە لە شیعرەکانی هێمن کە حەسرەتی گەڕانەوە بۆ منداڵی تێدا بەدیدەکرێت، کە دەڵێت"

بە منداڵی، کە پەروەردەی چیا بووم

کەوم دی، پۆڕ و سوێسکە و ئاسکم دی

بەلاوچاکی لە شاری کوردەواری

کچم دی نازەنین و ناسکم دی (موکریانی، ١٣٩٥: ٢٣٨)

هێمن لەم شیعرەدا نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی بە شێوەیەکی تایبەت و ئێستاتیکی دەخاتەڕوو. شاعیر لە نیوە دێڕی یەکەمدا ناسنامەی خۆی بە ڕاستەوخۆ گرێ دەدات بە شوێن و سروشتی دەوروبەری منداڵیەکەی، چیا نەک تەنها شوێنێکی جوگرافییە، بەڵکو بووەتە بنەمای دروستبوونی کەسایەتی و ئەندێشەی شاعیر. هەروەها لە نیوەدێری دووەمدا " ئاماژە بە ئەو تایبەتمەندییە سروشتییانەی دەکات کە هاوکاتی منداڵیی شاعیرن و ئێستا بووەتە بەشێک لە بیرەوەریی نۆستالۆژیاکەی. لەکۆتاییشدا "بەلاوچاکی لە شاری کوردەواری، کچم دی نازەنین و ناسکم دی"، ئەم دوو بەیتە نۆستالۆژیاکە لایەنێکی دیکەیشی تێدا زیاد دەبێت؛ نەک تەنها گەڕانەوە بۆ شوێن، بەڵکو گەڕانەوە بۆ ئەو کات و ئەو هەستانەی کە تەنها لە سەردەمی گەنجی و لاوەکیدا ڕوودەدات. بەم شێوەیەش هێمن لەناو چوار بەیتدا هەر سێ لایەنی سەرەکی نۆستالۆژیاکەی کۆکردووەتەوە؛ شوێن، کات، و هەست، و ئەمەش ئەم شیعرە دەکاتە نموونەیەکی بەرجەستەی نۆستالۆژیای سروشت و نیشتمان لە شیعری هێمندا.

## ب- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی گەنجی:

سەردەمی گەنجییەتی قۆناغێکی تایبەتی ژیانە کە تێیدا مرۆڤ لەڕووی جەستە، مێشک، و ئەندێشەوە گۆڕانی بەسەرداديت. لەم کاتەدا حەز و ئارەزووەکان بەرز دەبنەوە، تێگەیشتن فراوان دەبێت، و کەسەکە بۆ یەکەم

جار تووشی تاقیکردنەوەی ژیان دەبێت، بەتایبەتی لەبارەی خۆشەویستی و نیشتمانپەروەرییەوە. هەر بۆیەشە زۆرێک لە شاعیر و نووسەران، کاتێک پایزی تەمەنیان دەگاتێ، گەڕاوونەتەوە بۆ یادی ئەو ڕۆژانە. ئەگەر ئەو سەردەمە پڕ خەم و ئاخ بوویێت، ئەوا یادکردنەوەی دەبێتە سەرچاوەی حەسرەتێکی ئاخ هەڵکێشان، کەوا پێی دەڵێین نۆستالۆژیا . وەک دەبینین شاعیر لە هۆنراوەی (ڕێژنە)دا، دەڵێت"

تۆ بەڵێنم پێ بدە تا من بەرەو ژوان ببمەوە

بمدەیە ماجێکی تەڕ لەو لێوە با جوان ببمەوە (موکریانی، ١٣٩٥: ٢٣٨)

واتە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان کە شاعیر و نووسەران بەرەو هەستی نۆستالۆژیا ئاڕاستە دەکات، ئەوەیە کە لەگەڵ تێپەڕینی کات و نزیکبوونەوە لە قۆناغی پیری، هەستی کەمبوونەوەی هێز و تاقەت و چالاکی لەلایەك، و لە لایەکی دیکەش گرێدراوی پابەندییە کۆمەڵایەتی و ژیانییەکان، ئەمانە پێکەوە زەمینە دەبن بۆ ئەوەی نووسەر یان شاعیر بکەوێتە ژێر کاریگەری شاڵاوەکانی نۆستالۆژیا، وابێت لە ڕێگەی شیعر یان نووسینەوە بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گەنجییەتی و ئەو کاتانەی کە پڕ بوون لە چالاکی و کەیف و بەهرەمەندی، چ لەڕووی زەمانەوە بێت و چ لەڕووی شوێنەوە. وەک لەم شیعرەدا بەڕوونی دەردەکەوێت، کە شاعیر دەڵێت"

کوانێ؟

کوانێ ئەو پەنجەی کە توندی دەگوشی مەمکی توند؟

کوانێ ئەو پێیەی کە بۆ ژوانێ دەچوو گوندا و گوند ؟

کوانێ ئەو چاوەی کە هەر جوانی دەبینی و چی دی

کوانێ ئەو بیرەی کە هەڵدەفڕی بەرەو بەرزی و دوند (موکریانی، ١٣٩٥: ٢١٧)

بەڵام ئەوەش باشە ئاماژە پێبدرێت کە ئەم گەڕانەوەیە مەرجی لێ نییە بەوەی ئەو سەردەمەی باسکراو ئەمڕۆی شاعیر لەسەر دەنووسێت، تەواوی بەرز و شکۆدار بوویێت یان بەبێ هیچ خەم و ئازارێك تێپەڕ کرابێت، بەڵکو سروشتی مرۆڤ بەگشتی ئەوەیە کە ڕابردوو، بە هەموو ئەو نیشانەی تیایە، لەبەرامبەر ئێستادا چێژ و شیرینییەکی تایبەتی خۆی

هەیە کە ئادەمیزاد بە گەڕانەوە بۆی دڵخۆش و دڵگەرم دەبێت. (اسماعیل، ۲۰۲٤: ۵۸)

بۆ تازە لاوێکی شاری (گەڕەك) چەقی ژیانە، بەڵام بۆ تازە لاوێکی لادێی (کانیاو، باخ) شوێنی شاردنەوەی خەونەکانن! لەوێ باشترین هاورێکان، مەترسیدارترین نهێنییەکان دەشارنەوە. بە بارمتەگرتنی (نهێنی) یەکدی، وردە وردە دەبێتە مەرجی درێژەدان بە هاورێیەتی. پێوەندی ڕەگەزی لە لاوێتیدا گەلێك گرنگە، ئەزموونی هەستەکی ئەم سەردەمە خولیاگراویی لاوانە و بە ئایدیاڵکردنی ڕەگەزی بەرانبەر (چ کچ و چ کور) لە (ئەڤین) تەنیا (چێژ و ژان)ی لێناکەوێتەوە. (ئەڤین) تەنیا تێربوونێکی جەستەیی نییە، بەڵکو پوختەیی و نیگای جوانیناسانەیە بەرانبەر (ژیان) کە لەنێو (وێنای فەرهەنگی)دا چەکەرە دەکات. (بابایی، ۲۰۲٤: ١٤) لەبەر ئەوە هەمیشە شاعیر هەستێکی قووڵی نۆستالۆژی هەبووە دەربارەی تەمەنی لاوێتی خۆی و خۆزگە دەخوازیت هەرگیز تێنەپەڕیایە،وەک لەم هۆنراوەدا دەڵێت"

خۆزگە وەک خۆر نەمدیبایە شەوی تار          خۆزگە تاوێ ڕام
نەبواردابایە بێ یار

خۆزگە پیری کەلەلای نەدەکردم          خۆزگە لە یەکەم ژوانگەدا
دەمردم(موکریانی، ۱۳۹۵: ۲۱۹)

## ج / نۆستالۆژیا بۆ زێد و نیشتیمان

نۆستالۆژیا بۆ زێدی لەدایکبوون یەکێکە لە قووڵترین و کاریگەرترین جۆرەکانی نۆستالۆژیا لە ئەدەبیاتدا، چونکە زێدی لەدایکبوون تەنها شوێنێکی جوگرافی نییە، بەڵکو بنەمای دروستبوونی ناسنامە و کەسایەتی مرۆڤە. مرۆڤ بە گشتی زێدی لەدایکبووەکەی وەک ناوەندی جیهان دەبینێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەیە کە بۆچی گەڕانەوەی خەیاڵی بۆ ئەو شوێنە تا ئەوەندە هەستی قووڵی لەگەڵدا هەیە. لە ئەدەبیاتدا نۆستالۆژیای زێدی لەدایکبوون دووچەشنی تایبەتی خۆی هەیە؛ لەلایەکەوە دەبێتە سەرچاوەی ئارامی و پشتبەستن، لەلایەکی دیکەوە هۆی دەردی لەدەستدانی بێ چارەیی.هەر لەبەر ئەمەیە نۆستالۆژیا وەک دیاردەیەکی دەروونی و جوانی جێگای تایبەتیی هەیە لە ئەدەبیاتدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ توانای ئەدەبیات لە گێڕانەوەی کات و شوێن، و دروستکردنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ڕابردووی. لە ڕووی زانستییەوە،

نۆستالۆژیا تەنها حەزێك نییە بۆ سەیرکردنی وێنەی ڕابردوو ، بەڵکوو بریتییە لە "حەزێکی ئازاربەخش بۆ گەڕانەوە بۆ نیشتمان (Davis: ١٩٧٩، ٣٣)

لەم ڕووەوە نووسین لەبارەی زێدی لەدایکبوون کارێکی ئاسان نییە، چونکە هەموو کات مەترسی ئەوەی هەیە کە نووسین بەرەو ئێستاتیکایەکی زیادەڕەوی و دڵسۆزی بیسوورێتەوە. بەڵام هەر ئەم ئێستاتیکایەش لە دەستی شاعیر و نووسەری بەتواناد دەبێتە هونەرێکی بەرجەستە، چونکە نۆستالۆژیا لە شیعردا نەک تەنها ئامانج، بەڵکو ئامرازێکی گواستنەوەیە بۆ کاتی بیرەوەری، کە تێیدا ڕابردوو لە ئێستادا ئامادەیە. بەم شێوەیەش نۆستالۆژیای زێدی لەدایکبوون لە شیعردا دەبێتە ئاییندەیەک کەتێیدا شاعیر هەم خۆی و هەم ئەو شوێنەی ژیانی تێدا دەستپێکردووە دووبارە دەبینێتەوە. (بینابی-سەرباز ١٩٧٨: ٢١٥).ئەم هەستە نۆستالۆژیاییە بە قووڵی لەم نمونە شیعرییە هێمندا دەردەکەوێت، کە دەڵێت"

هەر دەپێوم کێو و شاخ و چۆڵ و دەشت

دێم بەرەو کوێستان بەرەو باغی بەهەشت

دێم بەرەو ئەو دار و بەرد و بەندەنە

دێم بەرەو ئەو باغ و مێرگ و چیمەنە

دێم بەرەو هۆبە و هەواری باسەفا

دێم بەرەو لادێ، بەرەو کانگەی وەفا

دێم ببینم نیشتمان و زێدەکەم

دێم ببینم خزم و کاک و دێدەکەم (موکریانی، ١٣٩٥: ٢٠٦)

هێمن موکریانی لەم شیعرەدا نۆستالۆژیای زێدی لەدایکبوونەکەی بە شێوەیەکی تایبەت و کاریگەر دەخاتەڕوو. شاعیر لەناو بەیتەکاندا بەردەوام وشەی "دێم" دووبارە دەکاتەوە، ئەمەش تەکنیکی هونەریی بەرجەستەیە کە کە هەم ئارەزوو و هەم ناتوانایی لەیەکدا دەخاتە بەردید؛ شاعیر دەیەوێت بگەڕێتەوە، بەڵام ئەو گەڕانەوەیە لە ئێستادا تەنها لەناو خەیاڵ و ئارەزوودایە. ئەوەی ئەم شیعرە تایبەت دەکات ئەوەیە کە هێمن زێدی لەدایکبووەکەی نەک بە شێوازی گشتی، بەڵکو بەرجەستەکارانە وەصف دەکات؛ کێو و شاخ، زیخ و چەو، کانیاو، باخ و

مێرگ، هەموویان ناو دەبات و ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە ئەو شوێنانە بە تایبەتمەندییەکانیانەوە لەناو بیرەوەرییەکەیدا ماونەتەوە. لەکۆتاییدا کاتێک دەڵێت "دێم ببینم نیشتمان و زێدەکەم، دێم ببینم خزم و کاک و دێدەکەم"، شاعیر زێد و کەس و کارەکانی لەناو یەک بەیتدا کۆدەکاتەوە، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە نۆستالۆژیای زێدەکەی لە دڵدا نەک تەنها پەیوەندی بە شوێنەوە هەیە، بەڵکو پەیوەندیی بە ئەو مرۆڤانەشەوە هەیە کە ئەو شوێنانەیان پڕ کردووە و بووەتەوە بنەمای خۆشبەختی ژیانی شاعیر.

کەواتە دەتوانین بڵێین نۆستالۆژیای دووری لە نیشتمان یەکێک لە قووڵترین و خەمناکترین جۆرەکانی هەستی نۆستالۆژیایە، چونکە ئەم جۆرە لەناو خولگەیەکی سێ لایەنیدا دەسوڕێتەوە: شوێن، بیر و یادەوەری، و ناسنامە. ئەوانەی کە بەهۆی کۆچ یان دەربەدەری لە نیشتمانیانەوە دوور دەکەونەوە، بەپێی (Boym: 2001,87.) لەناو دۆخێکی دووپاتە گرێدراودا دەژین؛ لەلایەك ناتوانێت نیشتمان لەبیر خۆی بباتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە گەڕانەوەی واقیعی پێوان نییە یان ئەو نیشتمانەی لە خەیاڵیاندا هەیە بەو شێوەیە دیاری نییە. ئەمەش Boym بە "نۆستالۆژیای بازگەریی" و "نۆستالۆژیای ئەندێشکارانە" دەیناسێنێت، کە لەلایەك دەیەوێت نیشتمانی لەدەستچوو دووبارە بینا بکاتەوە، لەلایەکی ترلە دەردی دووریيدا دەژی و ئەو دوورییە بەخۆی دەبێتە مایەی پاڵپشتی ئەدەبی و هونەری.

لەگەڵ ئەوەشدا شیعری "ناڵەی جودایی" یەکێکە لە بەرجەستەترین بەرهەمەکانی هێمن موکریانی، کە بەرهەمی سەردەمی دووری لە نیشتمان و غەریبیی شاعیرە، و ئەو سەردەمەیە زۆر کاریگەری لەسەر بیری شاعیر داناوە. ناونیشانی "ناڵەی جودایی" لەخۆیدا دوو وشەی گرنگی هەیە؛ "ناڵە" کە ئاماژە بە دەردی ناوینی و هەستی قووڵی ئینسانییە، و "جودایی" کە سەرچاوەی ئەو دەردەیە، بەم شێوەیەش ناونیشانەکە پێش خوێندنی یەکەم بەیتیش خوێنەر ئامادە دەکات بۆ وەرگرتنی پەیامی دەروونی و نۆستالۆژیایی شیعرەکە. کە دەڵێت"

چۆن نەناڵێ ئەو دڵەی پڕ هەستی من!؟

چۆن لە ئەژنۆ ببنەوە دوو دەستی من!؟

چۆن نەناڵێ ئەو دڵە ئەنگاوتەیە!؟

بەرد لە بەردی بێتەوە دەنگی هەیە

چۆن نەسووتێ ئەو دڵەی کانی خەمە

دوور لە گوڵزارە و غەرقی ماتەمە

ژانی ناسۆری جودایيم چێشتووە

هەرچی خۆشم ویستووە جێم هێشتووە

هەڵبڕاوم من لە یاری نازەنین

دەرکراوم من لە خاکی دڵنشین (موکریانی، ١٣٩٥: ٢٠٥)

لەناوەڕۆکی شیعرەکەدا هێمن بەڕوونی ئەم پەیوەندییەی ناونیشان و ناوەڕۆک دەخاتە بەرچاو، کاتێک دەڵێت: "ژانی ناسۆری جودایيم چێشتووە، هەرچی خۆشم ویستووە جێم هێشتووە، هەڵبڕاوم من لە یاری نازەنین، دەرکراوم من لە خاکی دڵنشین"، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە ناونیشانی "ناڵەی جودایی" نەک تەنها ناوی شیعرەکەیە، بەڵکو کۆکردنەوەی تەواوی دۆخی دەروونی شاعیرە لە یەک ناونیشاندا، و ئەو ناونیشانە بەخۆیدا هەم هۆکار هەم ئەنجامی دەردی شاعیری ئاشکرا دەکات.

## د / نۆستالۆژیای دووری لە ئازیزان

دووری بە دەلالەتە جیاوازەکانی (فیراق، دابڕان، جیابوونەوە، جێهێشتن... هتد) کۆتا دیدارێکی بەئازارە بۆ ئەو کەسەی بەو ئەزموونە تێپەڕدەبێت، ئینجا ئەو دووریە بۆ هەریەکێك بێت لەخۆشەویست و کەس وکاروئازیزان، ئەوجێگایانەی کە پڕبوون لە دۆست و هاورێ و ئازیزان و بۆنی خۆشەویستی و وەفاکانیان لەگەڵ نەبوونی ئەوان جێگاکانیش نامێنن وەکو جێگایەکی وێرانە دەمێننەوە، لەگەڵ هەستکردن بە غەریبی و چەشتنی تامی تاڵی غوربەت دەروونی کەسەکان دووچاری بیرکردنەوە دەکەن، ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە نە چارەسەرە ونە ئامانج، ئەگەرچی لەلای نووسەر و شاعیر دەبێتە کردەیەکی داهێنانی فکری و گۆڕانە فکریەکان، ئەو سەختی و چەرمەسەرییەی مرۆڤ بەهۆی دووریەوە دەیبینێت یان هەستی پێ دەکات تەنها بە کۆتاییەکەی سەخت و چەرمەسەر بەکۆتا دێت. (اسماعیل، ٢٠١٤: ٩١)

هێمن موکریانی کە ژیانی لە ئاوارەیی و دوورولاتیدا بەرێکردبوو، لەبەر دووری لە کەس و کار و ئازیزان تووشی خەم و حەسرەتێکی قووڵ بووە،



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بەجۆرێـک کە ئـارەزووی دیـداری ئەوانەی لە دڵـدا گەورەبووبـوو، بەڵام هۆکاری سیاسـی ئەم دەرفەتەی لـێ ئەسـتاندبوو و دەسـتبەرداری لە غەریبی و دوورولاتی ئاسان نەبوو. ئەم دۆخە دەردناکەی بووەتە بنەمای دروستبوونی کۆمەڵێک دەقی ئەدەبی کە هەستی نۆستالۆژیای دووری ئازیزان لەناویاندا هەڵدەبەزێت، بەتـایبەتی لە دیـوانی "بـارگەی یـاران" و "نـاڵەی جودایی"دا کە بەشـێوەیەکی بەرچـاو ئەم هەسـتە دەردەخەن. شـــاعیر لەبەر ئـــاوارەییەکەی نەیتوانیـــوە بەشـــداری خۆشـــی و ناخۆشییەکانی کەس و کارەکانی ببێت، و ئەم نەتوانینەش بەخۆی هۆی قووڵتربـــوونی ئەو حەســـرەتە بـــووە و دەردێکـــی بـــێ چـــارەی لەنـــاو شیعرەکانیدا بەجێهێشتووە. (محمد، ٢٠٢٤: ١٠٠)

یادی یاران و وڵاتم ڕۆژ و شەو

لێی حەرام کردم قەرار و خورد و خەو

چۆن پەنا بۆ مەی نەبەم ساقی ئەدی؟

نابینم خاك و وڵات و شاری خۆم!

نابینم ناسیاو و دۆست و یار خۆم (موکریانی، ١٣٩٥: ٢٠٤)

هێمن موکریانی لەم شیعرەدا نۆسـتالۆژیای دووری لە ئـازیزان و وڵات بە شێوەیەکی تایبەت و کاریگەر دەخاتە بەرچاو. لە بەیتـی یەکەمـدا "یـادی یاران و وڵاتم ڕۆژ و شەو، لێی حەرام کردم قەرار و خورد و خەو"، شـاعیر ئەوە ئاشـکرا دەکـات کە ئەم بیـرەوەری و خەیـاڵکردنەی یـاران و وڵات بەردەوام و نـاوبڕ نیـیە، بەڵکـو شـەو و ڕۆژ لەگەڵیـدایە و تەنـانەت خەو و خـــواردنی لـــێ ئەســـتاندووە، ئەمەش نیشـــانەی ئاســـتی بەرزی ئەو دەردەیە کە شاعیر تێیدا دەژی. بەیتی دووەم "چۆن پەنـا بـۆ مەی نەبەم ساقی ئەدی؟" ئەوە دەردەخات کە شاعیر لە بەرامبەر ئەم دەرد و ئازاردا چـارەیەکی نیـیە جـگە لە پەنـا بـردن بـۆ مەی، واتە مەی ئـامرازێکی لەنـاوبردنی ئـازارە نەک کەیفخۆشـی. لەکۆتاییشـدا دوو بەیتـی دوایـی "نابینم خاک و وڵات و شاری خۆم، نابینم ناسـیاو و دۆسـت و یـار خـۆم" گـرێکەی شـیعرەکەیە، شـاعیر لێـرەدا دەردی سـەرەکیەکەی بە ڕوونـی دەخـاتە سـەر زار؛ نەدیتنـی وڵات و یـار و ناسـیاو. دووبـارەکردنەوەی "نابینم" لە هەردوو بەیتدا تەکنیکێکی هونەریی بەرجەستەیە کە هـێمن بەکـاری هێنـاوە تـا ئاسـتی کەمبـوون و بێبەشـیی شـاعیر لە هەمـوو

ئەوانەی ژیانی پێوە گرێدراوە، زیاتر بخاتە بەرچاو و کاریگەری لە دڵی خوێنەر بکات.

لە کۆتایدا دەتوانین بڵێین هێمن وەک شاعیرێکی نیشتیمانپەروەی دورخراوە لە زێد و خاکی خۆی، هەمیشە تارمایی نۆستالۆژیا بەسەر شیعرەکانییەوە دەبینرێت. بەڵام ئەوەی گرنگ و جیاوازە ئەم هەستە نەبووە بەهۆی وشکردنی کانیاوی بیر و خەیاڵی، بەڵکو بووە بە خاڵی بەهێز و کاریگەر بۆ لەدایکبوونی چەندین دەقی شیعریی پڕ ئیستاتیکای هونەری بەنرخ کە بۆ هەمیشە وەک گەوهەرێکی گرانبەها لە دونیای ئەدەبیاتی کوردیدا دەدرەوشێتەوە.

## ئەنجامەکان

یەکەم/ نۆستالۆژیا لە شیعری هێمن موکریانیدا تەنها هەستێکی سادەی حەسرەت و بیرکردنەوە لە ڕابردوو نییە، بەڵکو دیاردەیەکی دەروونی و هونەرییە کە لەسەر بنەمای بیرەوەری، دابڕان، ئاوارەیی و لەدەستدانی زێد و ئازیزان دروست بووە.

دووەم/ نۆستالۆژیا لە دەقەکانی هێمن دا بە سێ ئاراستەی سەرەکی دەردەکەوێت: نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ منداڵی، گەنجی، و زێد و نیشتمان. هەر یەک لەم ئاراستانە لەڕێگەی وێنەسازی، دووبارەکردنەوەی وشە و پەیوەستکردنی شوێن بە بیرەوەری، بە شێوەیەکی دەرپرینەوەیی و کاریگەر خراونەتەڕوو.

سێیەم/ دووری لە کەس و کار و ئازیزان، و هەروەها بارودۆخی سیاسی و ئاوارەیی، بنەمای سەرەکیی قووڵبوونی ئەم هەستە بوون لە شیعرەکانی هێمن موکریانیدا. ئەم دۆخە نۆستالۆژیا کردووەتە دەردێکی بەردەوام، بەڵام لە هەمان کاتدا بووەتە هۆی دروستبوونی دەقێکی بەنرخ و پڕ لە ئیستاتیکا.

چوارەم/ نۆستالۆژیا لە شیعری هێمن دا هەندێک جار وەک هێزێکی پۆزەتیڤ کار دەکات؛ واتە دەبێتە هۆی خۆداچوونەوە، خۆگونجاندن، و هەوڵدان بۆ بەردەوامی ناسنامە لە دەورووبەرێکی گۆڕاوەدا. بەم پێیە، نۆستالۆژیا لە ئەم شیعرانەدا نەک تەنها دەردە، بەڵکو ئامرازێکی فکری و هونەرییە بۆ گەیاندنی پەیامی مرۆڤایەتی و نیشتمانی.

# سەرچاوەکان

## پەرتوکی کوردی:


- اسماعیل، ڤیان عباس (٢٠١٤): نۆستالۆژیا لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە نمونەی (نالی- سالم- کوردی)، توێژینەوەیەکە پێشکەشی کۆلێژی پەروەردە کراوە لە زانکۆی سەلاحەددین، بەشی زمانی کوردی کراوە
- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١٥): فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی غەزەلنووس، سلێمانی.
- بابایی، مەسعود (٢٠٢٤): نۆستالۆژیای داگیرکراوان، زنجیرە بڵاوکراوەکانی (Tishk Research paper).
- عەبدوڵڵا، پێشڕەو (٢٠١٣) . دەرونشیکاری شیعر ، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.
- سەعیدی، د.ئازاد (٢٠٠٩)، شیعری کوردی و هەستی نیشتیمانپەروەری، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- موکریانی، هێمن(سەرجەم بەرهەمی هیمن، شیعر پەخشان) ،١٣٩٥، سنندج، کردستان.

پەرتوکی عەرەبی

- عساف، محمد. (٢٠١٣). الحنين والهوية: دراسة في سيكولوجية الذاكرة العاطفية. دار الفكر العربي.
- حمدان، سامي. (٢٠١٧). الذات والزمن: الحنين بوصفه ظاهرة وجودية. المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات.
- حنفی، ساری (٢٠١١)، هنا و هناك، فلسطين، المؤسس الفلسطينية لدراسة الديموقراطية.

سەرچاوەی ئینگلیزی:

- Boym, S. (2001). The future of nostalgia. Basic Books
- Davis, F. (1979). Yearning for yesterday: A sociology of nostalgia. New York: Free Press.
- Routledge , Clay. / Fiorito ,Taylor A , 2020 ,Is Nostalgia a Past or Future-Oriented Experience? Affective, Behavioral, Social Cognitive, and Neuroscientific Evidence

- Wilson, J. (2005). Nostalgia: Sanctuary of meaning. Lewisburg: Bucknell University Press.

نامەی ئەکادیمیی

- محمد، عزالدين صابر (٢٠٢٤): نۆستالۆژیا لە شیعرەکانی (پیرەمێرد و دیلان و هێمن)دا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی، بەشی زمانی کوردی
- حمە ساڵح، ساکار اکرم (٢٠٢٥): نۆستالۆژیا لە شیعرەکانی فەرەیدون بەرزنجیدا، کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی کۆیە، بەشی کوردی.
- عەبدوڵا، سۆران مامەند (٢٠١٤)، نۆستالۆژیا لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی.

گۆڤاری زانستی

- قادر، کارزان موحسین – ئەحمەد، ڕێحان ڕەسوڵ (٢٠٢٥): کۆستی دایاسپۆرا و سۆزی نۆستالژیا لە قەسیدەی خەدیجەی گوڵاوی ماردین ئیبراهیمدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٤٩).
- بینابی، سەیوان محمد تاهێر – سەرباز، حەسەن (١٩٧٨): شێوەکانی نۆستالۆژیا لە شیعرەکانی پیرەمێرد و بەدر شاکر سەیاب دا، پژوهشنامە ادبیات کردی، خولی پێنجەم، ژمارە ٧.
- ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی:
- ئەسعەد، پەری عومەر (٢٠٢٣): نۆستالۆژیا لەدەقی (لە بۆت دەمرم هەولێرە ماست)ی کەژاڵ ئەحمەد، لەم لینکە بەردەستە: نۆستالۆژیا لەدەقی (لە بۆت دەمرم هەولێرە ماست)ی کەژاڵ ئەحمەد.
- قادر، ئەڤین خدر – وهاب، هێرۆ نوری (٢٠٢٥): نۆستالژیا لە شیعرەکانی ( ڕەفیق سابیر) دا، ماڵپەڕی دەنگەکان، لەم لینکە بەردەستە: نۆستالژیا لە شیعرەکانی ( ڕەفیق سابیر) دا.. ئامادەکردنی: ئەڤین خدر قادر – هێرۆ نوری وهاب – Denegkan.
- جمیل، شیتال عبدالعزیز(٢٠٢٦): نۆستالژیا وەک میکانیزمێکی بایۆلۆژی بۆ دەربازبوون لە داڕمانی دەروونی، ماڵپەڕی زاری کرمانجی، لەم لینکە بەردەستە: نۆستالژیا وەک میکانیزمێکی بایۆلۆژی بۆ دەربازبوون لە داڕمانی دەروونی – دەزگای زاری کرمانجی.

Kurdish Books:

-Ismail, Vian Abbas (2014): Nostalgia in Kurdish Classical Poetry for example (Nali-Salem-Kurdi), a research submitted to the College of Education, Salahaddin University, Department of Kurdish Language

-Aswad, Nawzad Ahmad (2015): Dictionary of Terms of Literature and Humanities, First Edition, Ghazalnoos Printing House, Sulaimani.

-Babaei, Massoud (2024): Nostalgia of the Occupied, Tishk Research paper.

-Abdullah, Peshraw (2013). Psychology of Poetry, Erbil, Haji Hashim Printing House.

-Saeedi, D. Azad (2009), Kurdish Poetry and Patriotism, Aras Printing House, Erbil.

-Mukriani, Hemn (all works of Hemn, poetry broadcast), 2016, Sanandaj, Kurdistan.

The Arabic Book

-Asaf, Mohammed. (2013 : .(A Study in the Psychology of Emotional Memory. Dar Al-Fakr Al-Arabi.

-Hamdan, Sami. (2017 .(for the appearance of existence. Arab Center for Policy Research and Studies.

-Hanafi, Sari (2011), Hana and Hanak, Palestine, Palestinian Foundation for Democratic Studies.

English source

- Boym, S. (2001). The future of nostalgia. Basic Books
- Davis, F. (1979). Yearning for yesterday: A sociology of nostalgia. New York: Free Press.
- Routledge , Clay. / Fiorito ,Taylor A , 2020 ,Is Nostalgia a Past or Future-Oriented Experience? Affective, Behavioral, Social Cognitive, and Neuroscientific Evidence
-
- Wilson, J. (2005). Nostalgia: Sanctuary of meaning. Lewisburg: Bucknell University Press.
-
- Academic Letters
- - Mohammed, Ezaddin Saber (2024): Nostalgia in the poems of Piramird, Dilan and Hemn, PhD thesis, College of Language, Sulaimani University, Department of Kurdish Language
- - Hama Salih, Sakar Akram (2025): Nostalgia in Faraidoon Barzanji's Poems, College of Education, Koya University, Kurdish Department.
- - Abdullah, Soran Mamend (2014), Nostalgia in Contemporary Kurdish Poetry, Salahaddin University, College of Language, Department of Kurdish Language.
- Scientific Journal
- - Qadir, Karzan Mohsin – Ahmad, Rehan Rasul (2025): Diaspora suffering and nostalgia in the poem of Khadija Gulawi Mardin Ibrahim, Kurdish Academy Journal, No. (49).
- - Binabi, Saywan Mohammed Tahir – Sarbaz, Hassan (1978): Forms of Nostalgia in the Poems of Piramird and Badr Shakir Sayab, Kurdish Literature Research, Volume 5, No.

- - Website:
- - Asad, Peri Omar (2023): Nostalgia in the text (I'm dying for you Erbil yogurt) by Kejal Ahmad, available at this link: Nostalgia in the text (I'm dying for you Erbil yogurt) by Kejal Ahmad.
- - Qadir, Evin Khadr – Wahab, Hiro Nuri (2025): Nostalgia in the poems of Rafiq Sabir, Voices website, available at this link: Nostalgia in the poems of Rafiq Sabir.. Prepared by: Evin Khadr Qadir – Hiro Nuri Wahab – Denegkan.
- - Jamil, Shital Abdulaziz (2026): Nostalgia as a biological mechanism to overcome mental collapse, Zari Kurdish website, available at: Nostalgia as a biological mechanism to overcome mental collapse – Zari Kurdish Institute.: